پڕۆژەی ڕووناکی و موچە تەوەری کۆبوونەوەی سبەی حکومەتی هەرێم دەبێت

بەیانی سبەی چوارشەممە، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە و ڕەشنوسی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پڕۆژەی ڕووناکی و بەدواداچونی خەرجکردنی موچەی مانگی (نیسان/4)ـی لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە تاوتوێ دەکرێن.

بەگوێرەی کارنامەی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، سبەی چوارشەممە ئەنجومەنی وەزیران لە هۆڵی مامۆستا سەعد، لە شاری هەولێر کۆدەبێتەوە و کۆبونەوەکە کاتژمێر 10:00ـی بەیانی دەستپێدەکات و تاوەکو کاتژمێر 12:00ـی نیوەڕۆ بەردەوام دەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، کۆبونەوەکە سێ تەوەری سەرەکی لەخۆ دەگرێت و تەوەری یەکەم، گفتوگۆکردنە لەسەر ڕەشنوسی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پڕۆژەی ڕووناکی و دەستەبەرکردنی کارەبای (24) کاتژمێری و کەمکردنەوەی تێچوی بەکارهێنان.

تەوەری دووەمی کۆبونەوەکە، بەدواداچونی خەرجکردنی موچەی مانگی (نیسان/4)ی 2025ـی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاسپاردنی وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەماهەنگی و هاریکاری دەستەی

هاوبەشی وردبینی هەردو دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان.